# سیناریۆکانی دانوستاندنە ئەتۆمییەکەی ئێران و کاریگەرییەکانی لە سەر پەیوەندییەکانی تاران لەگەڵ هەولێر و بەغدا

02-02-2022

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو

RRC|

کاردۆ بینەر|

دانووستاندنەکانی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران، بێوچان بەڵام بە ئەسپایی و خێرایی زۆر کەم بەردەوامن. وێڕای ئەمە، هێشتا هیوای گەیشتن بە ڕێککەوتن لە ئەگەری ڕێکنەکەوتن بەهێزترە. لەم نووسراوەدا کاردانەوەکانی چوار سیناریۆی گریمانەیی دۆسیەی ئەتۆمیی ئێران لەسەر پەیوەندیی نێوان کۆماری ئیسلامیی ئێران لە گەڵ دەوڵەتی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق لێک دەدەینەوە.

**چوار سیناریۆی بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران**

سەبارەت بە ئاکامی کۆتایی دانوستاندنەکانی نێوان ئێران و هێزە جیهانییەکان ئێران چەندین سیناریۆی جیاواز پێشبینی کراون:

**١- ڕێککەوتن:** باشترین بژاردە کە هەم لە تاران و هەم لە واشنتن و پایتەختی زۆربەی وڵاتانی ئەورووپایی پێشوازی لێ بکرێت، کاراکردنەوە و وەگەڕخستنەوەی تەواوەتی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەیە. ئەوەش بە گەڕانەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ڕێککەوتنەکە و جێبەجێکردنی بەڵێنەکان لە لایەن ئێرانەوە دەکرێت. بەڵام ئەم پرسە لە گەڵ کۆمەڵێک ئاڵۆزیی فرەچەشندا دەستەوەیخەیە. لە لایەکەوە ئەمریکا دەیەوێت بێجگە لە بەرنامەی ئەتۆمی، سەبارەت بە هێزی مووشەکی و سیاسەتی ناوچەیی ئێرانیش دانوستاندن بکات و لە لایەکی دیکەشەوە ئێران وێڕای دژایەتیکردنی داواکارییەکانی ئەمریکا، داوای وەرگرتنی گەرەنتی دەکات بەو مەرجەی کە دەوڵەتی داهاتووی ئەمریکا لە ڕێککەوتنەکە دەرنەچێتەوە. وەك ئەوە کارەی کە دۆناڵد ترامپ لە گەڵ ڕێککەوتنەکەی ئۆباما لەگەڵ ئێران ئەنجامی دابوو. ئەم داواکارییە قورس و فرەلایەنانە بوونەتە هۆی ئاڵۆزی و ناخێرایی ڕەوتی دانوستاندنەکان.

**٢- ڕێککەوتنی کاتی:** لە سەروبەندی سەردانی ئیبراهیم ڕەیسی بۆ مۆسکۆ، ئەم پێشنیارە لە لایەن ڤیلادیمیر پووتین بە ئێران دراوە تاوەکوو لە کاتێکدا کە ئەگەری گەیشتن بە ڕێککەوتنی کۆتایی دژوار و کەمە، لە ڕێگایەکی کورترەوە، لانیکەم ڕێککەوتنێکی کاتی دەستەبەر بکرێت. هێشتا بەرپرسانی باڵای کۆماری ئیسلامیی ئێران دژی ڕێککەوتنێکی لەوجۆرەن.

**٣- نە ڕێککەوتن، نە شکست:** سیناریۆی سێهەم لە لایەن ستراتیژیستە ئەمریکایی_ ئەورووپاییەکانەوە گەڵاڵە کراوە؛ بەو پێیە کاتێک لایەنەکان دەرفەتی گەیشتن بە ڕێککەوتنیان نییە، کاتی دانووستاندنەکان لانیکەم بۆ ماوەیەکی کاتیی ٢-٣ ساڵە درێژ بکرێتەوە و بێ واژۆکردنی هیچ بەڵگە و دەقی ڕێککەوتنێک، لایەنەکان بەشێک لە بەڵێنەکانی لایەنی بەرانبەر جێبەجێ بکەن، وەک: چاوپۆشیی ئەمریکا لە گەمارۆی کڕینی نەوتی ئێران و ئازادکردنی هەندێ لە پارە بلۆک کراوەکانی ئێران و لە لایەنی دیکەشەوە، پێدانی مۆڵەتی پشکنین بە چاودێرانی ئاژانسی نێونەتەوەیی ڕێکخراوی وزەی ئەتۆمی لە لایەن ئێرانەوە.

**٤- شکستی دانوستاندنەکان:** کۆتا سیناریۆش بە واتای سەرنەکەوتن و شکستی کۆتایی دانوستاندنەکانە. ئەم ئەگەرە، دەرهاوێشتەی نەگونجانی ئێران و ئەمریکا وەک لایەنە سەرەکییەکانە، هەروەها دەرئەنجامی هەوڵی ناتەواوی رووسیا و وڵاتانی ئەورووپییە بۆ دروستکردنی گوشاری پێویست لە سەر ئێران و ئەمریکا. ئەم دۆخە لە ئاکامدا دەبێتە هۆی گەڕانەوەی دۆسیەی ئەتۆمی ئێران بۆ ئەنجومەنی ئاسایش و بەندی حەوتەمی جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان؛ بابەتێک کە ئێران بە توندی هەوڵی خۆپاریزیی لێ دەدات!

**کاریگەریی چوار سیناریۆی بەرجام لە سەر پەیوەندییەکانی تاران لەگەڵ هەولێر و بەغدادا**

هەر یەک لە سیناریۆکانی سەرەوە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە سەر پەیوەندییە دەرەکییەکانی ئێران لە گەڵ وڵاتان و لایەنە جیاوازەکان، لەوانەش عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت.

لە سیناریۆی ڕێککەوتندا، یەکێک لە سەرەتاییترین دەرهاوێشتەکان لە پەیوەندیی دوو لایەنەدا، داکشانی کێشە و گەمارۆ و بەربەستە ئیداری و بانکییەکانە بە مەبەستی پەرەپێدانی پەیوەندییە ئابوورییە دوو لایەنەییەکان. ئەمەش بابەتێکە کە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران پێداگری لەسەر دەکەن. هاوکات لە ڕوانگەی سیاسی و پێگەی دیپلۆماتیک و ئاسایشەوە قورسایی ناوچەیی ئێران بەرز دەکاتەوە و

ئەم بابەتە کاریگەری ڕاستەوخۆی لە سەر پەیوەندییە سیاسییەکانی تاران لە بەغدا و هەرێمی کوردستان دەبێت. لە سیناریۆی ڕێککەوتنی کاتیدا، کرانەوەی ئابووری لە ئەولەوییاتی زۆربەی بەرپرسانی تاراندا دەبێت و لەم دەرفەتەش بۆ وەرگرتنی قەرز و پارەکانیان لە بەغدا و هەروەها بەرزکردنەوەی ئاستی پەیوەندیی ئابووری و تەنانەت وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان کەڵک وەردەگرن. بەڵام لە ئەگەری ڕوودانی سیناریۆی سێیەم و چوارەمدا، پەیوەندیی لایەنەکان بە پێی دۆخی هەنووکەیی، گۆڕانکارییەکی وەها بە خۆیەوە نابینێت. لەم حاڵەتەدا لە بەر قووڵبوونەوەی کێشە و گوشارە سیاسی و ئابوورییەکانی سەر ئێران، دابەزینی ئاستی دەستڕۆیشتوویی و کاریگەریی ئێران لە عێراقدا، کە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیی ٢٠٢١دا خۆی دەرخست، زیاتر دەبێت. هاوکات دۆخی سیاسی ناوچەکە، لەوانەش عێراق و هەرێمی کوردستانیش زێدەتر ئاسایشی دەبێت.